# سەربەخۆیی، دوور لە هەر جۆرە بەڵام و ئەگەر و ئاخرێک!

هێرش عەلیزادە

لە پرۆسەی ڕزگارکردنی خاك و گەلێکی داگیرکراودا لە مێژوودا نەبووە کە نەتەوەی بندەست بە دوای ڕووخانی حوکمەتی نەتەوەی سەردەست کەوتبێت، بەڵکو نەتەوەی بندەست هەمیشە داوای ڕزگارکردنی خۆی کردووە و ئەوجا ئەو ڕزگاربوونەی لە دەرچوون یان دەرکردنی سوپای داگیرکاردا بینیووە. مێژووی خەباتی ئازادیخوازیی گەلانی هەموو ئەمەریکای لاتین، ئەفریقا و ئاسیا و تەنانەت وڵاتە عەرەبەکان و دەراوسێکانیشمان ئەوە بە ئێمە دەسەلمێنن.

کوردستان خاکێکی داگیرکراوە کە تا ناوەندی دەستەڵات و دەوڵەت لە ئێران، بەهێزتر بووبێت کورد و کوردستان زیاتر ئەو داگیرکراویەیان پێوە دیار بووە،

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) بە پێچەوانەی ئەحزابی سونەتیی، پێی وایە کوردستان بەشێکی سرووشتیی نییە لەو شتەی کە ئێستا پێی دەگوترێت ئێران. بەڵکو پێی وایە کوردستان لە لایەن ئێرانەوە داگیر کراوە. ئەو داگیرکردنە گرێدراو بە مێژووی سی ساڵەی جمهوری ئیسلامی ئێران نییە، و تەنانەت بە مێژووی مۆدێرنی پاش جەنگی جیهانی یەکیشەوە نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی چاڵدێران و لەناوبردنی میرنشینەکانی کورد.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا دانیشتووانی کوردستان دژ بەو داگیرکارییە لە خەباتی نەپساو و بەردەوامدا بوون.

بەداخەوە پاش چەندین دەهە ئێستایش ئەحزابی کوردلە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیتوانیووە لە ئەزموونەکانی مێژوو کەڵک وەربگرێت، و هەر بە دووی هەڵگرتنی ئەو بەردی ڕووخاندنەوەیە کە پێی هەڵناگیرێت. سەرلێتێکچوونەکە هێندە زۆرە کە زۆر جار پەنا دەبردرێتە لای نەتەوەی سەردەست بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتەکەیان، کە ئەو نەتەوە هەر بۆ خۆی لە قوم و تاران و ئیسفەهان دەنگی پێداوە!

بەم جۆرە گەلی کورد برداروەتە ناو کێشەیەک کە کێشەی گەلی کورد نیە، ڕۆژێک دەکردرێت بە سیاەلەشکری خاتەمی و ئەمرۆیش کەرووبی و موسەوی.

من پێموایە بیری کوردستانیی دروشمێکی کوردستانیی و قسەی کۆنکرێت دەخوازێت، ئیستراتێژی دانیشتووانی قوربانیدەری کورد بە درێژایی خەباتی ڕزگاریخوازیی سەرەڕای هەموو هەڵسوکەوتەکانی گەیشتن بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی و دیمۆکراتیک بووە و وا پێدەچێت هەرواش بمێنێتەوە.

هەموو ئەوانەمان کە لە کوردستان لە ژێر زەخت و زۆری کۆماری ئیسلامیداین، و لە زیندان یان ئاوارەی دوورە وڵات بووین و پەنابەرین، هیواخوازین کە حوکمەتی ئێران بڕووخێت و وەك بەفری قورس و گرانی خۆنەگرتوو هەرەس بکات. من باش لەم هەستە تێدەگەم.

ئێمە دژی ئەو هیواخوازیی و ئەو هەستە گەرموگەڕە ئینسانیە نیین، ئەوە ئاواتی ئێمەیشە، چونکە ڕووخانی ئەو حکومەتە هەر هیچ هیچ نەبێت جۆرێک دەبێت لە تۆڵەستاندنەوە. بەڵام گرفت ئەوەیە کە ئێمە نازانین ڕووەو کوێ هەنگاو دەنێت و بە چی جێگایەکەی دەگیرێتەوە. ڕووخاندنی حکۆمەتی پەهلەوی و هاتنە سەکاری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی 1979 زاینی چدەستکەوتێکی بۆ گەلی کورد ودیهێنا؟

ئەوە زیاتر لە نیو سەدەیە کە داوای دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان و پاشان ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیشمان کردووە، ئاکامەکی چی بووە؟ لە کەس شارراوە نیە ئەمرۆ کوردی ڕۆژهەڵات لە ناوخۆ و لە دەرەوە نەمانتوانیووە لۆبیەکەیش ساز بکەین، و نەمانتوانی ئەو زوڵم و زۆرەی کە لە کوردی ڕۆژهەڵات دەچێت وەکوو باقی پارچەکانی دیکەی کوردستان، لە ئاستی جیهاندا بیناسێنین.

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هەڵسەنگاندنێک لە خۆمان و جووڵانەوەکە بکەین و کۆنکرێت بڵێین دەسکەوتەکانمان کامانەن؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە دەست لە سیاسەتی بانێک و دووهەوا لە لای

سەڵتەنتتەڵب و نوریزادەکان، موجاهیدین و بەنیسەدرەکان هەڵبگرین و روو بکەینەوە گەلەکەمان و دەست لە نێو دەستی تاک و گروپ و پارتە کوردیەکان لە چوارچێوەیەکی کۆنکرێتدا لەسەر بەرژەوەندیەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی لە ناو خۆماندا دانوستان بکرێت؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لە ڕووخاندنی حکومەتی ناوەندیی داگیرکار دەست هەڵبگرین؟ بەڵام نا لە پێناو گفتوگۆی یەکلایەنە لە ناو هوتێل و ژووره داخراوەکاندا، بەڵکو لە پێناو فرێدان و دەرکردنیان داگیرکار لە خاکی کوردستاندا.

وەرن با پێکەوە کار بکەین، و چیدی وشەی "تجزیەطلب" بە کتمانکردن نەزانین و لێی نەسڵەمێینەوە، وەرن با بە کوردبوونمان سەربەرز بین! ئێمە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان، بە خۆشییەوە "تجزیەطلب" ین و سەربەخۆییخوازین.

پارتی ئێمە دروشمی ڕووخاندنی داگیرکار بە دروشمێکی ناکوردستانیی دەزانێت کە لە ڕێگای هەڵپەی سەڵتەنەت تەڵەبان و ئێرانچیەکان گەیشتووەتە کوردستان، چونکە ئەوان کێشەکەیان لەگەڵ دەستەڵاتی ناوەندا هەبووە، و ئەم دروشمە بە سەر کورددا سەپێندراوە. خوێنی زۆر و گرانمان لەسەری داوە. ئەگەر کولتوری دیموکراسیی و فرەگەرایی و پلوراليزم لە ئێران هەبووایە ئەوا دروشمی ڕووخاندن ئەسڵەن هەر نەدەبوو و لەبەر ئەوەش نەدەگەیشتە کوردستان.

بەڵام لەبەر ئەوەی هەر هەموو هێزی تا ئێستا حاکم و ناحاکمی ئێران گەرەکیانە بە تەنها بێنە سەر حوکم ئەوا هەر یەکەیان گەرەکیەتی حوکمەت بڕوخێنێت و خۆی بێتە جێگای. لەبەرئەوە هەر لایەنێك یان لایەنەکان پێیان خۆشە کورد بکەن بە مقاشی دەستیان و کوردستان بکەن بە سەنگەری مقاوەمەت، نە بۆ کورد، بەڵکو بۆ ڕووخانی حوکمەت و هاتنەسەرکاری خۆیان. ئینجا کە هاتن تەنانەت لە پێشدا لەوانە دەسروەێنن کە دەستیان گرتوون.

ئێمە وەك نەتەوەیەکی بندەست لە ئێراندا کەمینەین، مافی دیموکراتیت نییە کە داوای ڕووخانی ڕژێم بکەین کە تەنانەت نە هەر لە کاتی لەدایکبوونیشیدا (1980) دەنگمان پێنەداوە، بەڵکو هیچ کاتێک نە دەنگی کوردستانیانی هەبووە و نەدەیشیبێت.

گریمان جمهوری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ناو بازنەی خۆی ڕێك دەکەوێت، ئایا ئەو کاتە تۆ چ دەکەیت؟ لە هەمانکاتیشدا لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیدا گەرەنتی چییە کە مافەکانی گەلی کورد دەستەبەر دەبن؟ مەگەر سەددام نەڕووخاوە، ئەی بۆ ئەحزابی عەرەبی لە ئێراق و لە وڵاتانی عەرەبیش، تا دێن زیاتر دژایەتی کورد دەکەن؟ سوننە و شیعە بە شەو دژ بە یەك شەڕ دەکەن و بە ڕۆژیش پێکەوە لە پارلەماندا دژ بە کورد بەرەن؟ مەگەر حکومەتی پەهلەوی نەڕووخا، ئەی بۆ لە کەش و هەوای 79 و 80 و 81ی زاینیدا کورد کورسیەکیشی وەبەر نەکەوت؟ گەرانتی گەلێکی بندەست چییە کاتێك کە ڕەجەوەیەکان و سەڵتەنەتیەکان و کۆمۆنیستانی پانئێرانیست هاتنە سەر حوکم؟

بە درێژایی مێژوو، گەلی کورد سەلماندوویە کە نەتەوەیەکی ئاشتیخوازە، پەلاماری هیچ نەتەوەیەکی تری نەداوە، زوڵم و زۆری بە کەسەوە ڕەوا نەدیوە، ئێمە وەکوو سۆسیالدیموکراتەکانی کوردستان (ڕۆژهەڵات) وەکوو پارتێکی کوردی و کوردستانی بڕووامان بە ئینتەرناسیونالیزم و هاوبەشێتیی هەیە بۆ پێکەوە ژیانکردن و پێکەوە هەڵکردنین لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا، و عاشق بە سنووری نەتەوەیی نیین. بەڵام هاوکات هەرگیز ڕازیش نابین لە ناو ماڵی خۆماندا مامەڵەی چارەکەئینسان و نیوەئینسانمان لەگەڵدا بکرێت، تەنها ڕێگای رزگاریمان هاوپشتیی و هاوخەباتیەکی کونکرێت و شەفافە کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کوردا ڕێکەوتنی لە سەر بکرێت. و پێکەوە بۆ وەدەرنانی هێزی داگیرکار لە کوردستان، لەسەر خاکی کوردستان و لە ئاستی نێونەتەوەیدا خەباتی و تێکۆشانی بۆ بکەین.

19-11-2009